# ئامەد یان دیاربەکر




ساڵی ١٦٥٢

کۆکردنەوە نووسین:
مەنسوور تەها

دیاربەکر یەکێک لە گەورەترین و میژووییترین شارەکانی باکووری کوردستان و کوردستانی گەورەیە. ئامەد هەمووکات ناوەندی ناسیۆنالیزمی لە ناو کوردەکانی باکووردا بووە. هەروەها ئەم شارە ناوەندی دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان لە دوای ساڵی ١٩٨٤ بەو لاوەیە.

لەبەرئەوەی بەشێوەی دیفاکتۆ ئامەد وەک پایتەختی کوردستان دەبینرێت، ئەوا زۆرجار شارەکە بووەتە مەیدانی ململانێ و پێکدادانی سەربازی.

## مێژووی دێرین

ئەو ناوچەیەی کە شاری ئامەدی لە ئێستادا دەگرێتەوە ئەوا مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینە.

## ناو

ناوی ئامەد لە ئیمپراتۆرەتیی مادەوە هاتووە. تا ئێستا تورکیا دەیەوێت لەناوی ببات، ناوی دیاربەکریش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هاتنی ئیسلام بۆ ئەو ناوچەیە، کە خێڵی (بەنی بەکر وائل) تێیدا نیشتەجێ بوون لە سەردەمی معاویە دا.



## دانیشتووان

دانیشتووانی ئەم شارە لەساڵی ٢٠١٨، زیاتر لە ١،٧٠٠،٠٠٠ کەس بووە کە هەموویان کوردن و بە زمانی کوردی قسە دەکەن. هەروەها زۆربەی خەڵکی ئەم شارە موسڵمانی سوننین.

## قەڵای ئامەد یان قەڵای دیاربەکر

قەڵای ئامەد  قەڵایەکی مێژووییە، کە دەکەوێتە ناوچەی سوور لە ئامەد، باکووری کوردستان. ساڵی ٢٠٠٠، یوونێسکۆ قەڵاکەی لەلیستێکی نافەرمی دانا. لە ساڵی ٢٠٠٥، بەفەرمی بووە یەکێک لەشوێنەوارەکانی میراتی جیهانیی یوونێسکۆ لەپاڵ باخچەکانی هەوسەل، بەپێی سەرچاوەکانی یوونێسکۆ مێژووی قەڵاکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٤٨٨، لەسەردەمی دەوڵەتی ڕۆمی کۆن و فەرمانڕەوای کۆسەنتینی دووەم دروستکراوە.

دیوارەکانی قەڵاکە، لەدوای دیواری چین بەرزترین و درێژترین دیواری بەدوای یەکەوەن لەئاستی جیهان. قەڵاکە چەند دەروازەیەکی هەیە، سەرەکییەکەیان ناوی چیا داگ ، دەروازەی ئورفە، دەروازەی ماردین و دەروازەی نوێ یێنی.



دیوارەکانی شاری ئامەد



بەشێک لە دیواری کۆنی شاری ئامەد



دیوارەکانی شاری ئامەد



مزگەوتی جەماعەتی سەدەی ١٢

ژمارەیەک نەقشەی کۆن کە ناوی “دیاربەک” یا، “دیاربەکر”یان تێدا بەرچاو ئەکەوێ. بۆ دیتنی سەرچاوەکانیان ئەتوانن کرتە لە سەر وێنەکان بکەن.




ساڵی ١٥٠٠




ساڵی ١٦٨٤





ساڵی ١٦٥٢






ساڵی ١٧١٢




ساڵی ١٧١٢




ساڵی ١٧٩٠

@mansortaha

بەشی کوردستان ناسی کاناڵی تلگرامی

@mansourtaha